# سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی دەڤەری کەلار، دادوەر فەرهاد حاتەم ،

# ئەندامی داواکاری گشتی بۆ ڕۆژی گەل دەدوێ

بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی شاری کەلارو دەوروبەری، بەتایبەتیش کێشەی گەنجان و ئەو کێشانەی کە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالکردنەوە هاتوونەتە ئاراوە بە پێویستمان زانی دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز حاکم فەرهاد حاتەم، ئەندامی داواکاری گشتی کەلار ئەنجام بدەین، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**ڕۆژی گەل: بەڕای بەڕێزتان کارەکانی دادگەی کەلار چۆن بەڕێوەدەچن؟**

فەرهاد حاتەم: ئەوەی پەیوەندی بە دادوەران و فەرمانبەرانەوە هەیە دەتوانم بڵێم زۆرباشە، بەڵام زۆرگرفتیش هەن، لەوانە:

1- نەبونی نەسرییەکی تایبەت بۆ دادگە بۆ ڕاپەراندنی کارەکان.

2- نەبۆنی فەرمانبەری پێویست.

3- کەمی ژمارەی دادوەر و لێکۆلەری دادی.

4- دواکەوتنی دۆسێکان ڕۆیشتنیان بۆ دادگەی تاوانەکان و دادگەی پێداجونەوەی کەرکوک کە بارەگاکەی لەسلێمانیە کە دەبو لە کەلار بوایە چونکە هیچ پەیوەندی بەسلێمانیەوە نیە، چونکە دادگەی ناوبراو لەوێش هەیە.

5- زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

**ڕۆژی گەل: بونی کەلار وەک ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی گرفتی بۆ دروست نەکردون؟**

فەرهاد حاتەم: بەڵێ، زۆرجار کێشەکان لەڕێگەی کۆمەڵایەتیەوە چارەسەردەکرێت زۆرجار لایەنێک زەرەر مەند دەبێ و ڕوگیری تێدا دەبێ.

**ڕۆژی گەل: کێشەی (جل ڕەشەکان) بەکوێ گەیشت ئەمانە کێن؟**

فەرهاد حاتەم: ڕەسپۆشین تاوان نیە، چون مرۆڤ سەربەستە چی دەپۆشێ، بەڵام کۆمەڵێک گەنج لەکەلار پەیدابونە لەباتی ئەوەی خەریکی خوێندن بن خەریکی (حەب) خواردن و شەڕو ئاژاوەن، کە بێگومان بەشێک لە هۆکارەکان حکومەتی هەرێم لێی بەرپرسیارە، بەوەی وەک پێویست ئاوڕی لەگەنج نەداوەتەوە وبەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی خراپ....

**ڕۆژی گەل: سزای ئەوکەسانە چیە کاتێک توندو تیژی ئەنجام دەدەن؟**

فەرهاد حاتەم: بە بێگەرانەوە بۆی اسای سزادانی عێراقی و بەندە سزایەکان لەیاسای تردا ناتوانی لێپێچینەوە بکەین، بەواتایاکی تر(جل ڕەش)ی تاوان نیە لە یاسای سزادانی عێراقی، هەروەها کاتێک تاوانێک وەک لێدان و بریندارکردن وهەڕەشکردن، کە لەبەندی 3ی بنەما شەرانیەکاندا هاتوە ئەنجام بدرێ هەتاوەکو کەسی مەبەست واتا کەسی تاوان لەسەر کراو سکالا تۆمار نەکات ،چونکە ئەو جۆرە تاوانانە مافی کەسێتی و مافی گشتی تێدا نیە، هەروەها هەرکاتێ سکاڵاکەش تۆمار بکرێ بە لێخۆشبونی سکاڵاکەر کێشەکە دادەخرێت، بۆیە ئێمە وەک داواکاری گشتی ناتوانین ئەو جۆرە داوایانە بجوڵێنین، چونکە مافی گشتی تێدا نیە، وەهەر کێشەیەکیش مافی گشتی تێدا نەبێ داواکاری گشتی ناتوانێ داواکە بجولێنێ و کاری تێدا بکات.....

بۆیە هاولاتی دەبێ یەکەم جار سکاڵای خۆی تۆمار بکات و لەو جۆرە کەسانە خۆشنەبێ بۆ ئەوەی سزای خۆیان وەربگرن ببێ بەعیبرەت بۆکەسانی تر........

**ڕۆژی گەل: بەبۆچونی بەڕێزتان ناوەندی کۆمەڵایەتی بونی پێویستە؟**

فەرهاد حاتەم: کۆمەڵایەتی وەک ناوەندێک یان دامەزراوەیەک هەندێ جار هاوکارن، بەڵام هەندێجار چارەسەرەکان خەڵکی تێدا زەرەرمەند دەبێ بەتایبەت لایەنی بێدەسەڵات وەهەندێجار ڕوگیری تێدا رو دەدات، بۆیە زۆر جار کێشەکان سەر هەڵدەداتەوە.....

**ڕۆژی گەل: ئەم ناوچەیە خێزانێکی زۆری تێدایە کە کەسوکارو خێزانی ئەنفالن، وەکو لایەنی یاسایی دەبێ چیان بۆ بکرێت؟**

فەرهاد حاتەم: وەکو لایەنی قەرەبوکردنەوە، هەروەکو لە ماستەرنامەکەم ئاماژەم پێکردووە، دەبێ لەلایەن یاسایەکەوە بێت کە لەپەرلەمانی عێراقەوە پەسەند بکرێت، و لەویاسایەدا سەرجام ڕێ و شوێنەکان دیاری بکرێت، وەلیژنەی قەرەبو دروستبکرێت بۆزیانەکان....پاشان دەبێ حکومەتی ناوەندی(عێراق) هەستێ بەو قەرەبوکردنەوەیە، وەلایەنی مادی و مەعنەوی فەرامۆشنەکات، چونکە حکومەتی ئێستا میراتگری حکومەتی پێشوە، بۆیە بەپێی یاسا بەرپرسیارە لەسەرجەم ئەرکەکانی پێشوو، هەروەک حکومەتی ئەڵمانیای ئێستا بەرپرسیارە لەدانی قەرەبوو بۆ لێقەوماوانی هۆلۆکۆست، وەتائێستەش قەرەبوو دەکرێنەوە کە بەچەندین بلوێن دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەڵام لای خۆمان هەندێ کێشە هەن لەوانە :

1- تەنها ئەو کەسانە دەتوانن داوا تۆماربکەن کە سکالایان تۆمارکردوەلەدادگەی تاوانەکان.

2- دەبێ داوالەسەر سەرانی ڕژێم تۆماربکەن، ئەوانەی لەدادگەی باڵای تاوانەکان وەک تاوان بار حوکم دراون .

3- دەبێ قەرەبوەکە لە ئەوان وەربگیرێ.

4 -داواکە چەندین ساڵ دەخایەنێ..

5- سەرەڕای ئەوانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای ئەنفال ئەزیەتدانی کەسوکاری ئەنفالەکان لەڕوی جەستەی و مەعنویەوە..

**ڕۆژی گەل:ئەی سەرەک جاشەکان کەدەستیان هەبوە لەئەنفالدا؟**

فەرهاد حاتەم: ئەو سەرەک جاشانە لەگەل سەدان کەسی دی کە دەستیان هەبوە لەئەنفالدا بەبڕیاری باڵای تاوانەکان لەبەغدا داوایان لەسەر کراوەتەوە، دادگەی ناوبراو خۆی دەزگایەکی داواکاری گشتی هەیە، کە سەربەخۆیە لەداواکاری کوردستان، بەرای من سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دەتوانێ ئەم بابەتە بوروژێنێ، وەداواکراوەکان دەستگیر بکات، من پێموایە لایەنی سیاسی لەپشت ئەمەوەبێت، دەسەڵاتی سیاسی نایەوێ ئەمە بکات، ئەگینا هێندە زەحمەتیش نیە...

**ڕۆژی گەل: ئایا دەست تێوەردانی حیزبی هەیە لەدادگەی کەلاردا؟**

فەرهاد حاتەم: لەسنوری دادگەی کەلار هیچ دەستێوەردانێکی حیزبی نیە، ئەگەر هەشبێ دەبێ دادوەر خۆی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ وە ئەم بابەتەش پەیوەندی هەیە بەکەسایەتی دادوەرەوە، تا ئێستەش هیچ کەسێ لەبەر گوێ نەدانە حیزب سزانەدراوە...

**ڕۆژی گەل: دۆسێی ئەنفال کۆتایی پێهات؟**

فەرهاد حاتەم: دۆسێی ئەنفال کۆتایی پێهاتوە لەدادگە ی باڵای تاوانەکانی عێراق، ئەوەی ماوەتەوە تەنها کەیسە فەرعیەکەیەتی کە تایبەتە بە سەرەک جاشەکان کەباسمان لێوەکرد، کە بەداخەوە ئەوانە لەناو حزبدان و چەندین حیمایەشیان هەیە موچەی دەیان خانەوادەی شەهیدیش وەردەگرن...

**ڕۆژی گەل: بەبۆچونی بەڕێزتان بەپێی پێویست خزمەتی کەسوکاری ئەنفال کراوە؟**

فەرهاد حاتەم: خزمەتی کەسوکاری ئەنفال وەک پێویست نەکراوە، دیارە دیاریکردنی موچەیەک ناکاتە ئەوخزمەتەی کەمەفروزە بکرێت، وە ئەم کارەش پەیوەستە بەخزمەتکردنی ئەو ناوچانەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوی تێدا دەژین، وەهەموشمان دەزانین شەش ناوچەی جیاوازە، بۆیە حکومەت دەبو تایبەتمەندی تەواو بدات بەو شوێنانە، پێویستە کارگە بکاتەوە بۆ ئەوەی کەسوکاریان بێکا رنەبن، یارمەتیان بدرێت لە ڕوی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەوە، کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و تەندروستی و ڕۆشنبیری.........هتد



**سازدانی دیمانە: سەردار محەمەد**

# چاودێری دارایی ئەرکێکی هەنووکەیی و نەتەوەییە

چاودێری دارایی جۆرێکە لە فرە لقەکانی چاودیری بەڕێوەبەری (الرقابة الادارية)، زانایانی بواری ئیدارە لەماوەی سەدەو نیوێک نەیانتوانی لەسەر پێناسەیەک بۆ ئیدارە ڕێکبکەون، بەڵام دەکرێ لەناو پێناسە زۆرەکاندا چەند بنەمایەکی جێگیر بۆ پێناسەیەکی گشتگیر بدۆزینەوەو بڵێین ئیدارە لە بنەڕەتدا کارێکی زهنیە هەوڵدەدات رەگەزەکانی بەرهەمهێنان کە سەرمایەی مرۆیی و ماددین، بەو پەڕی سەرکەوتوویی بخاتە گەڕ، لەم کاتەشدا کەمترین نرخ و تواناو وزەو بەکار بهێنرێت.

چوار فەرمانی سەرەکی کرۆکی ئیدارە پێک دەهێنن کە بریتین لە: پلاندانان، ڕێکخستن، ئاراستەکردن و چاودێری. ئەم چوار فەرمانە لەناو خۆیاندا هاوهەنگیان پێدەکرێ تا ئەو ئامانجە بهێنێتەدێ کە لەپێناویدا ئیدارەیەکی دیاریکراوی بۆ دامەزراوە.

پلاندانان سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی ئیدارەیەو هیچ یەکەیەکی ئیدارە بەبێ پلاندانان ناکرێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. پلاندانان بەدیاریکردنی ئامانجێک دەست پێدەکات، لەکۆتاییشدا خاڵێک دیاری دەکات کە هاتنەدی ئامانجەکەیە، بەکەرەستەو شێوازو میکانیزم و کاتێکی دیاریکراو کە ئیدارەی حکومەتی کوردستان لە چەندین کابینەی پێشوویدا وەزارەتێکی تایبەتی بە پلاندانان نەبووە، لەم کابینەیەشدا ئەگەرچی بوونی هەیە، بەڵام ڕەنگە بێناوەڕۆک بمێنێتەوە، چونکە سەرلەبەری ئیدارە بە قەزاوقەدەر بەڕێوە دەڕوات.

ڕێکخستن ئیشی لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی ئامانجەکان، دیاریکردنی چالاکیەکان و دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان و سنووری دەستڕۆیشتن و دارشتنەوەی هەرەمی دەسەڵات. لێرەدا حکومەتی کوردستان وێنەیەکی شێواو دەخاتەڕوو، گەرچی بەناو هەرەمی دەسەڵات دارێژراوەتەوەو لەیەکتر جیاکراونەتەوە، بەڵام بیرۆکراتیەت و عەقڵی حیزبی و فرە باڵیەکەی وایکردووە لە سنووری یەک دائیرەشدا بڕیارێکی یەکگرتوو نەبینرێت!

ئاراستەکردن کردن و سەرکردایەتی کردنی، ئەمەش مانای ڕێنمایی و ئامادەکردنی تاک لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە ڕێگەی خولی بەردەوام و بەرزکردنەوەی وورەیان و جیاوازی نەکردن لە نێوانیاندا، دروستکردنی برادەرێتی لەگەڵیاندا، ڕەنگە ژاپۆنیەکان لەو ڕووەوە لە پێش هەر وڵاتێکەوە بن کە درکیان بەوە کردوە کە ئیدارە لە ڕێگەی بونەوەری زیندوی وەک مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، بۆیە ڕازیکردنی دڵی ئەو مرۆڤە و تێگەیشتن لێی بەرئەنجامەکەی دڵسۆزیە کە پرۆسەی ئیدارە سەردەخات. کەسی یەکەم لە یەکەیەکی ئیداری ژاپۆن لەگەڵ کارگوزارێکی هەرە خوارەوەدا زۆر بە ئاسانی وەک هاوڕێ دەدوێن و بەیانی باشی لێدەکات، ئەمە نهێنی بەهێزی ئیدارەی ژاپۆنە کە ئەمریکیەکان چاویان لێکرد، بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بگونجێ، هەندێ دەستکاریان لە بنەماکانیدا کرد. لە کوردستاندا پۆستی ئاراستەکردن و سەرکردایەتیکردن تەواو جیاوازی هەیە، کەسی یەکەمی یەکەیەکی ئیداری پۆستەکەی بۆ گیرفان پڕکردن قۆرخ دەکات، بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و پۆزلێدان و بەکۆیلە بینینی فەرمانبەرەکانی خوارەوە لێکدەداتەوە، هەربۆیەش ژاپۆنیەکان سەرمەستی داهێنان، کەچی ئێمە لەگەندەڵیدا نغرۆبووین.

چاودێری کە فەرمانی چوارەمی ئیدارەیە، ئیشی چاودێری شێوازی جێبەجێکردنی پلانەکان دەکات، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی بەپێی بەرنامەکان دەڕوات، هەروەها چارەسەری ئاستەنگەکان دەکات و لادانە سلبیەکانیش ئاشکرا دەکات و هەڵەکان ڕاست دەکاتەوەو لەمپەرەکان ناهێڵێ، هاندەری خاڵە ئیجابیەکان دەبێت، دەیان جۆری چاودێری هەن، لەوانە چاودێری کتوپڕی، دەوری، بەردەوام، ئیجابی، سەلبی، دەرەکی، ناوخۆیی، ئایندەیی، هاوکاتی، خۆپاراستن، لەسەر ئاستی تاک، لەسەر ئاستی یەکەیەکی ئیداری، لەسەر ئاستی کۆمپانیایەک، بەرهەمهێنان، کڕین، ڕەفتارو هەڵسوکەوت، خستنە بازاڕ، دارایی.....هتد.

ئێمە لەسەر چاودێری دارایی رادەوەستین کە کرۆکی باسەکەمانە:

چاودێری دارایی

لەمێژوودا چاودێری دارایی ڕۆڵی گرنگی لە دارشتنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەبوە، ڕۆمانیەکان چاودێریان زانیوە بۆ کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتەکان سودیان لێوەرگرتوە. لەچاخەکانی ناوەڕاستدا گەشەی زیاتری کردوە، ساڵی 1256 مەلیک سانت لویس ژوری ژمێریاری پاریسی دامەزراند کە ئیشی چاودێری کردنی حسابات بوو، بەڵام شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی 1789 چاودێری دارایی کرد بە مافێکی گرنگی نوێنەرانی گەل بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر داهات و خەرجیەکانی دەوڵەت بکرێت، بەڵام هەنگاوی سەرەکی بۆ چاودێری ئیداری و دارایی لە ساڵی 1927 دەست پێدەکات کە لەو ساڵەدا قەیرانێکی ئابوری گەورە ڕووی لە جیهان کرد، بەتایبەتی ئەمریکا، دوای ئەو ڕووداوە چاودێری دارایی لەناوخودی دامەزراوەو دائیرەکاندا دامەزرا بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی بەڕێوەرو سەرۆک بەشەکان و فەرمانبەرەکان تاوتوێ بکات کە جاران ئەو چاودێریە لە دەرەوەی دامەزراوەکان بوو، ساڵی 1930 یەکەمین پەیمانگەی چاودێری دارایی لە ئەمریکا دامەزرا.

پێناسەی چاودێری دارایی زۆرە، بەڵام خاڵی گشتی بریتیە لە ئەرکی بەدواداچوونی خەرجکردنی پارە بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دانراوە، لێپێچینەوە لەلادان و گەندەڵیەکان دەکات. لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی خۆپارێزیە، واتە بەرلەوەی لادان دروست ببێ، دەتوانێ ئاشکرای بکات و ئەو دەزگایەی مەبەستە لێی بپارێزێ، بەڵام ئەرکێکی تر هەیە کە چاودێری دارایی دەبێ لەبەر چاوی بگرێ، ئەویش ئەوەیە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی بەدواداچوون نابێ خەرجی و مەسرەفێکی زۆر بکرێت، جگە لەوەش چاودێری دارایی لق و باڵی زۆری لێبۆتەوە، لەوانەش: چاودێری بەرهەمهێنا، چاودێری داهات، چاودێری خەرجی، چاودێری خەرجی بەرهەمهێنان، چاودێری موچەوکرێدان، چاودێری جوڵەی دراوی (حەرەکەی نەقدی).

## کوردستان و چاودێری دارایی

بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان و حکومەت گرنگی زۆر بە ئامادەکردنی میزانیەی ساڵانەیان دەدەن، کاتێک پەرلەمان بودجە ئامادە دەکات، لەسەر حکومەت پێویستە کە بەرنامەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکات، بەڵام بۆ ئەوەی پەرلەمان دڵنیا بێ، دەبێ چاودێری کارەکانی حکومەت بکات، ئەو دڵنیابوونەش لە ڕێگەی چاودێری داراییەوە ئەنجام دەدرێت.

لەزۆربەی زانکۆکانی وڵاتاندا، فێرخوازانی بەشی کارگێڕی و ئابوری، شێوازەکانی چاودێری دارایی لەوڵاتەکانیاندا بە نموونە دەخوێنن، بەڵام لە کوردستان نەک بۆ خوێندن بەڵکو نازاندرێ پرۆسەی چاودێری چۆن ئەنجام دەدرێ، چونکە داهاتی کوردستان لەژێر دەستی حزب دایە نەک پەرلەمان، بۆیە ئەندامانی پەرلەمانیش وەک هەر هاوڵاتیەکی ئاسایی نازانن داهاتی تێکڕایی وڵاتەکەیان چەندە!! لەناو حزبەکانیشدا لەوانەیە تەنیا کەسی یەکەم ئەو نهێنیە بزانێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئامادەکردنی میزانیە لەلایەن پەرلەمانەوە قورس دەبێ، کاتێک بودجە دادەنرێ کە سەرجەم داهاتەکان بزاندرێن، لێرەوە وێنەیەکی شێواو بەرجەستە دەبێ کە سەرچاوەی هەموو گەندەڵیەکانە. ڕاستە دەسەڵاتی کوردستان مەرکەزی و دیکتاتۆری نیە تا سەرچاوەکانی دارایی کۆنترۆڵ بکرێن و لە ناوەندەوە بۆی دیاری بکرێ. لەهەمان کاتیشدا دەسەڵات هێندە دیموکراتیش نیە تا پەرلەمان دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ. لە وڵاتێکدا کە نە دیکتاتۆری و نە دیموکراتی بێ چۆن چاودێری دارایی ئەنجام دەدرێ؟؟ یەک نەگرتنەوەی سەرچاوەکانی دارایی و سەرپەرشتی نەکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، برینەکانی گەندەڵی قوڵتر دەکاتەوە، هەڕەشەش لەم شوێن پێیەی ئەمرۆشمان دەکات. لە ڕەوشێکی ئاوادا چاودێری دارایی کارێکی پێشمەرگانە دەبێت بەرانبەر بە گەندەڵچیەکان، هەروەها دژوارو سەخت دەبێ، ئەرکێکی نەتەوەیی هەنوکەیش دەبێ، چاودێری دارایی لە کوردستاندا وەک هەر دەزگەیەکی تر بوونی هەیە، بەڵام ڕاپۆرتەکان بە پەرلەمان نادات، کاتێکیش گەندەڵیەکان دەدۆزێتەوە پێشانی پەرلەمانی نادات، بەوهۆیەشەوە هەنگاوێک هەڵناگیرێتەوە. لەوانەیە حزب تەنیا بۆ زانیاری ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی وەربگرێ و مەبەستی چاککردن نەبێ و لێپرسینەوەش لەگەڵ گەندەڵچیەکان نەکات، ئەمە کەموکورتی نیە بۆ چاودێری دارایی، چونکە ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ کردوە، بەڵام کەمتەرخەمی و کەموکورتی لە مەرجەعەکەدایە کە هێشتا حزب ئەو ڕۆڵە دەبینێ و دەسەڵاتەکەی لە پەرلەمان زەوت کردوە.

**سازە عەبدوڵڵا محەمەد**